# ترەمپ وەک خوێنەری لاکان

سلاڤۆی ژیژەک

**لە ئینگلیزییەوە: ئەحمەد کاوە**



٨ی نیسانی ٢٠٢٦ وتار

### دەروازەیەک بۆ وتارەکە

لەم دواییانە، سلاڤۆی ژیژەک چەند وتارێکی سەبارەت بەم جەنگەی ئێستا نووسی کە ئەمەیان یەکێکە لە وتارەکان. تایبەتمەندیی ئەم وتارە خۆی لە چەند تۆنێکی پێکداچووی دیاردە جەماوەری، رووداوە سیاسییەکان و ڕاستبینیی دەروونشیکارییدا دەبینێتەوە. ژیژەک بە نموونە وەرگرتنی ترەمپ وەک باوکێکی سوپەرئیگۆیی وتارەکەی تا کۆتایی درێژە پێ دەدات، وەک ئەوەی ترەمپ دەربڕی شتێکی زیاتر بێت و هەر تەنیا سەرۆکێک نەبێت.

وتارەکە وەک لە ناوەکەی دیارە چەند چەمکێکی لاکانی لەخۆ گرتووە و هەر یەک لە چەمکەکان وەک ڕەهەندێک بۆ لێکدانەوەی ترەمپ بەکار هێنراوە. بەڵام بەر لە دەستپێکردنی وتارەکە، لێرەدا

گەر بە کورتییش بێت پێویستە بەرچاوڕوونییەک سەبارەت بە چەمکەکان بدرێت. ژیژەک یەکێک لەو دوو چەمکانەی کە بەکاری هێناون بریتین لە سینتۆم و سەمپتۆم. دیارە لای لاکان، سەمپتۆم دالێکی تەمومژاوی و نەستەکییە کە بە لێکدانەوە و دەرگیربوون لەگەڵیدا مانا شاراوەکەی دەدۆزرێتەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان چارەسەریش دەکرێت. بەڵام سینتۆم (یانیش ئەڵقەی چوارەم) بەتەواوی جیاوازە لە سەمپتۆم، لەبەر ئەوەی سینتۆم زۆربەی جار خاوەن جەوهەرێکی بۆش و لە مانابەدەری ژویسانسە کە لێک نادرێتەوە. ئەرکی سینتۆم و کاریگەرییەکەی بۆ بەستنەوەی هەر سێ پانتاییەکەیە بە یەکترییەوە. واتە گەر سەمپتۆم دالێکی گرێدار بێت و بە کردنەوەی گرێکە چارەسەر بکرێت، ئەوا سینتۆم ئەو گرێیەیە کە ناهێڵێت ئەڵقەکانی سێ پانتاییەکە لە یەکتر بترازێن و لەپێناو بەستنەوەیان وەک ئەڵقەی چوارەم دەمێنێتەوە، تاکو واقیعە بەرجەستەبووەکە بۆ سوبێکت بهێڵێتەوە و بەمەش سوبێکت لەڕێگەی ئەم گرێیەوە ئارەزوو، سوبێکتیڤیتە و تەنانەت فەنتازیاکەشی ڕاگیر بکات. ئێمە وەک سوبێکت لە ژیاندا خاوەن ئارەزوو و فەنتازیای تایبەت بە خۆمانین کە وا دەکات بە واقیعەوە ببەسترێینەوە، واتە هەریەک لە ئێمە خاوەن سینتۆمی خۆیەتی و لە ئاستە دەستەکۆییەکەش هەر گرووپ یانیش نەتەوەیەک سینتۆمێکی هەیە و بەیەکەوە گرێیان دەداتەوە، وەک چۆن ژیژەک ئاماژە بۆ وشە هەڵەکەی ترەمپ دەکات کە لە وشەیەکی هەڵەنووسراوی بێماناوە بوو بە سینتۆم و ڕەمزی چێژوەرگرتن، و لەم نێوانەدا هێڵێکی کۆمەڵایەتییشی هێنایە ئارا. تایبەتمەندییە سەرەکییەکەشی ئەوەیە کە هەڵگری ژویسانسە. واتە سینتۆم لەڕێگەی لەخۆگرتنی ژویسانسەوە سوبێکت بە پانتاییە ڕەمزییەکە گرێ دادەتەوە، و جەوهەری ژویسانسەکەش هەندێکجار ماناداره و هەندێکجاریش بەدەرە لە هەر مانایەک، وەک ئەوەی ژیژەک لە وشەکەی ترەمپدا دەری دەخات، و هەر ئەمەشە سوبێکت ئەرکدار دەکات تاکو لەگەڵی هاوشووناس بێت. چونکە بە هاوشووناسبوون لەگەڵ ئەم سینتۆمە خاڵێکی جێگیری ژویسانس پێک دێت و پانتاییە ڕەمزییەکە لە لادان دەپارێزێت.

ژیژەک بە هێنانی هەردوو چەمکی سینتۆم و ژویسانس، ئەوە بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە کە بەشێکی گەورەی ئایدۆلۆژیا هێندەی لە هەوڵی دابینکردنی چێژدایە، ئەوا هێندە لە هەوڵی ڕێکخستن و خۆگرتنەوەدا نییە وەک خەڵکی پێیان وایە. لێرەشدا پێویستە ڕاوەستەیەک لەسەر چەمکی ژویسانس، ژویسێنس و زێدەچێژ بکەین کە لە وتارەکەدا کەمتازۆر وەک یەک بەکار دەهێنرێت. لە دەروونشیکاریی لاکاندا، ژویسانس [Jouissance] (کە لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکاندا هەر بە Enjoyment وەرگێڕدراوە) و زێدەچێژ [Plus-De-Jouir] (Surplus-Enjoyment) هەمان

شتن، بەڵام بە چەند دیوێک لە یەکتری جیاوازن. ژویسانس وەک چێژێکی سەررێژ هەمیشە زیادەیە و ئازاربەخشــە کە بۆ ئەودیو پرەنســیپی چێژ دەڕوات. لەپاڵ ئەمەدا زێدەچێژ هەیە کە بەشــێوەیەکی دیاریکراوتر ئەم زیادەیە لەپێناو جەختکردنەوەی چێژ/ژانەکە زەقتر دەکاتەوە، واتە لەو ڕاســتییە دڵنیامان دەکاتەوە کە ژویســـانس وەک زیادەیەک هەمیشـــە لەگەڵ چێژدا باربەســـتە بە ژان. بە درێژایی ئەم وتارە، ژیژەک ژویسـانس بەکار دەهێنێت و دواتر بۆ جیاکردنەوەی ژویسـانس لە چێژی ئاســـایی، چەمکی زێدەچێژ بەکار دەهێنێت. دواتریش جیاوازیی نێوان ئەم دوو چەمکە بە ڕاڤەکردنی گوتـارەکەی ترەمـپ نیشـــان دەدات، بەتـایبەتی کاتێـک لە لێـدوانەکەیـدا دەڵێت: "ئێمە هێنـدە سەردەکەوین کە چیتر ناتوانین بەرگەی ئەو هەموو سەرکەوتنە بگرین." دالی "سەردەکەوین" لێرەدا دەرخەری چێژێکی نائاســـایی و زیادەیە کە ســـنوورەکانی خودی چێژی بڕیوە و گەیشـــتووەتە ئەودیو پرەنسـیپی چێژ. بەڵام دووبارەکردنەوەی ئەم چێژە نائاسـاییە و ئەزموونکردنی بەشـێوەیەکی ناچاری و بێ گوێدانە ڕەزامەندبوون دەمانگەیەنێتە فۆڕمێکی تری ژویســـانس کە وەک زیادەیەک دەمێنێتەوە و دەبێت بە زێدەچێژ (Surplus-Enjoyment)، کە هاوشـێوەی چێژوەرگرتنێکی زیاد و گەیشـتن بە ژان لە ڕێی ئۆبێکتەکەوە کار ناکات، بەڵکوو وەک ڕەمزێکی بیرهێنەرەوە و جووڵەی ئارەزوو دەمێنێت وا شـکسـتی هێناوە لە دەسـتخسـتنی ئۆبێکتەکە. واتە سـوبێکت لێرەدا چەند زیاتر سـەربکەوێت، هێنـدەش نوقســـانییەکەی زەقتر دەبێتەوە و لەگەڵیشـــیـدا پـاڵنەرەکە دەیخـاتە ســـووڕی دووبارەبوونەوەوە. بەم مانایە، فرمانی ســـوپەرئیگۆ لاکانییەکە لەبری چێژ وەرمەگرە و قەدەغەکردن یانیش خۆگرتنەوە دەگۆڕدرێت بۆ "چێژ وەربگرە! زیاتر و زیاتر ســـەربکەوە!" تاکو ســـوبێکتیڤیتەی ســـوبێکت بەتەواوی بخـاتە نـاو شـــۆڕتێکی بێکۆتـاوە کە تیـایـدا ژویســـانس بە بەردەوامی وەک پاشماوەیەک بمێنێتەوە. لەپاڵ ئەمانەدا ژویسێنس (Jouis-sense) بوونی هەیە و بەمانا سادەکەی ئەمەش هەر ژویسانسـە بەڵام لە مانادا. چۆن؟ ژویسـانس مەحاڵە ڕاستەوخۆیانە ئەزموون بکرێت، بۆیە ئەو ساتەی دەیخەینە ناو وشـە و دالەکانەوە دەبێت بە ژویسێنس، دەبێت بە ژویسانسێک کە ســـوبێکت لەژێر باری ماناکانەوە دەرگیری دەبێت، بەڵام لێرەدا غیابی مانا بووەتە خودی مانا. بە مانایەکی تر، چێژێکی زیادە بە دالێکی خاڵییەوە گرێ دەدرێت و بە دووبارەکردنەوە و هاوبەشـــکردن ئەزموون دەکرێت، لەبەر ئەوەی وشـەکە هەم هەڵگری بێماناییە و هەمیش ژویسـانس، هەروەک سینتۆمەکەی ترەمپ کە خاڵییە لە هەر مانایەک و بارکراویشە لە ژویسانس.

ســەبارەت بە پەیوەســتیی ئێمە بە تێما و ناوەڕۆکی نووســینەکە، بەگشــتی دەکرێت لەڕێگەی ئەم وتارەوە دووبارە گومان بخرێتەوە ســەر هەندێک شـــت. بۆ نموونە، بۆ ئێمەی کورد ئەم باوکە ســـوپەرئیگۆیە و قێزەوەنە کە ترەمپە و لەپاڵیشـــیدا نەتەنیاهوو وا جار لەدوای جار بە دڵی خۆیان ئارەزووی ســوبێکت بە ئاراســتەیەک لار دەکەنەوە، ئەوا وەک -گەر لە نادڵنیاترین باریشــدا بێت- ئامرازێک دەبینرێن کە ئەو پانتاییە ڕەمزییەی گەیشــتووەتە بنبەســت تێکبشــکێنن و بەشــێوەیەک فەنتازیای کورد بە واقیعە لەرزۆکەکە نەخشەکێش بکەنەوە. واتە تیۆریزەکردنی ژیژەک بۆ ئەم دۆخە لە ئاستە گڵۆباڵەکەدا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام لە ئاستە بەشەکییەکەیدا، واتە وەک کورد، قبووڵکردنی ئەم تیۆریزەکردنە و ســەیرکردنی ئێران وەک قوربانی دەســت ئیمپریالیزم و ســەرمایەداری جۆرێکە لە هەڵاتن لە تیۆری و دژوارتر لەوەش کوێربوونە بەرانبەر واقیع. بە مانا هیگڵییەکە گەر ئەم ئێرانەی وا وەک ڕەمزی دژەئیمپریالیزم نیشـــان دەدرێت تا دوورترین ســـنووری خۆی ڕابکێشـــین، دەردەکەوێت کە تیۆریزەکردن تەنیا دەتوانێت دیوێکی ڕەمزی بپێکێت و بە ئاستە ڕیاڵییەکەی نەگات کە مێژوویێک دەردەخات خەڵتانە بە خوێنی دەیان هەزار و بگرە ســەدان هەزار کورد. واتە لەم بارەدا خوێنـدنەوەکەی ژیژەک یـان هەر خوێنـدنەوەیەکی تر گەر لەڕێگەی تیۆریزەکردنەوە جیهـان وەک گشــتێک بخوێنێتەوە، ئەوا لە ئاســتە بەشــەکییەکەدا تا ئاســتێکی زۆر کورت دەهێنێت و نەســتە چەپێندراوەکەی ژێر ئەم سیستەمە لەبیر دەکات. "ڕۆح ئێسقانە"کەی هیگڵ دەقاودەق ئەم ڕاستییە چڕتر دەکاتەوە، کورد ئێسقانێکە لە ڕۆحی تیۆریزەکردندا. واتە حەقیقەتەکە بۆ ئێمە تەنیا سەیرکردنی ترەمپ نییە وەک پەتیترین فۆڕمی سوپەرئیگۆ، بەڵکوو ئەم سوپەرئیگۆیە مشەخۆرە دووچاری دۆخ و بڕیاری جیاوازترمان دەکاتەوە، ڕەنگ بێت فرمانەکەی کەلێنێک بۆ کورد بکاتەوە لە پانتایی ڕەمزیی ئێراندا، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە ســـەر کورد ئەزموونی ســـیاسی و ژیندەروونی خۆیەتی کە پێکەوە بەڵگەی واقیعێکی کۆنکرێتی مێژوویی پڕ لە هەڵبەز و دابەز دەدەن و ڕێگە نـادەن ڕۆح هەروا بەسادەیی لە کەلێن یاخود پەراوێزێکدا ئەبستراکت ببێتەوە.

## ترەمپ وەک خوێنەری لاکان

هێڵی فیکریی ژاک لاکان بۆ تێگەیشـــتن ســـەختە، بەتایبەتی کاتێک لەپێناو شرۆڤەکردنی پەیوەندیی پارادۆکسانەی نێوان زمان و ژویسانس دەست دەداتە وشەدارێژی، وەک ژویسێنس (زێدەچێژ-لە-مانا). یەکێکی تر لەو تازەوشـــانەی هەمان پەیوەندی دەپێکن بریتییە لە ســـینتۆم [ئەڵقەی چوارەم/ Le Sinthome]، کە جیاوازە لە ســـەمپتۆم [دەردەنیشـــانە]. ســـینتۆمەکان جۆرێکن لە "پارچەی ژویســـانس"، بەو مانایەی بچووکترین یەکەن کە تیایاندا زمان و ژویســـانس تێکهەڵکێشی_ یەکتری دەبن. سینتۆمەکان یەکەیەکی نیشانەی پڕ لە ژویسانسن، بۆ نموونە، هەر وەک خوویەکی چکۆلانە کە بێ وەستان و بە شێوەیەکی دووبارەبووەوە ئەنجامی دەدەین.

ئایا ســـینتۆم بچووکترین بەشی پێوانەکراوی ژویســـانس نییە، بچووکترین و بنەڕەتترین کۆمەڵە؟ ســـینتۆم لە توانایدا هەیە یارمەتی دروســـتکردنی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییش بدات، و لە شـــێوەی ڕێورەسـمێکی بەتاڵ یاخود وەک نوکتەجاڕییەکی بێمانا مامەڵە بکات [شـتێک کە خەڵکی بەشـێوەیەکی پـاتەبووەوە لەگەڵ یەکتری هـاوبەشی دەکەن بەبێ ئەوەی مـانـایەکی ڕاســـتەقینەی هەبێـت]. لە ٢٠٢٤ەوە، نوکتەجـاڕییەک کە زۆر تەشـــەنەی کرد "شـــەش-حەوت" بوو: ئەم نوکتەیە نە هیچ مانایەکی شـاراوەی هەبوو، نە خاوەن کۆدێکی نهێنیش بوو، تەنیا دوو ژمارەی گوتراوی یەک لە دوای یەکی لەخۆ گرتبوو. دەســـتەواژەی "شـــەش-حەوت"، لە مانا مۆدێرنەکەی، زیاتر بۆ گۆرانییەکەی ڕاپەری فیلادێلفی "ســـکریلا" دەگەڕێتەوە، لە ٢٠٢٤دا لە گۆرانی دوت دوت. لەم ڕاپەدا، ئەم دەســـتەواژەیە دەکرا ئاماژە بێت بۆ کۆدی ڕادیۆی پۆلیس، یان شـــەقامی ٦٧ەم، یانیش شـــتێکی تر. دواتریش لە زنجیرەی باخی باشووردا دەرکەوت، دوای ئەوەش بە هەموو شوێنێکدا بڵاو بووەوە.

**"ئەمە جۆرێک نوکتەجاڕیی ناو خەڵکییە کە تەنیا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، ئەمە جگە لە توانسـتی منداڵێکی سـێزدە سـاڵان کە بۆ بێزارکردن و هەراسـانکردنی دەوروبەری بە بێئۆقرەییەوە ئەسـپێکی مردوو شـەلاق وەشـێن دەکات، هیچ شـتێکی تر نییە. لە هەندێک شـوێندا، دەستەواژەکە ئاماژە بە جووڵەی دەســـت دەکات: دوو نـاولەپی هەڵگێڕدراو وەک تەرازوو یەک لە دوای یەک بۆ سەرەوە و خوارەوە."**[1]

[1] https://www.theguardian.com/society/2025/oct/20/six-seven-latest-slang-should-parents-be-worried.

ئەمە هەر بەسادەیی بێمانا نییە؛ ماناکەی هەر خۆی لەژێر بێمانایدایە. نوکتەجارییەکی لەم شێوەیە تاکاتێکی دیاریکراو دەمێنێتەوە، بەزۆری لە ساڵێک زیاتر ناخایەنێت، و "شەش-حەوت"یش چووەتە ژێر سێبەری نوکتەجاریی تر.

دۆناڵد ترەمپ لە سەروبەندی قۆناغی یەکەمی سەرۆکایەتییدا، نموونەیەکی ڕێکاوڕێکی ئەم جۆرە سینتۆمەی دروست کرد کە وەک پەیوەستییەکی کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنرا لەنێوان خەڵکی. لە تویتێکیدا کە دواتر زۆر بەناوبانگ بوو، نووسیبووی: "سەرەڕای بەردەوامیی ڕوومانی نەرێنیی Covfefe."[2] ترەمپ هەرگیز ئاماژەی بەوە نەدا کە تویتەکە هەڵەیەکی ڕێنووسی تیابوو؛ دوای ئەوەی تویتەکەی سڕییەوە، دووبارە تویتی کردەوە: "کێ دەتوانێت مانای ڕاستەقینەی 'Covfefe' بدۆزێتەوە؟؟؟ چێژ وەربگرن!"[3] ڕاستی گوت: "Covfefe" ئەو شتەیە کە لاکان پێی دەڵێت سینتۆم [ئەڵقەی چوارەم]، نەک سەمپتۆم کە ڕەمزێکی نهێنی لەخۆ دەگرێت و ڕێگە نادات لەژێر لێکدانەوەدا ڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ بکرێت، بەڵکوو سینتۆم فۆڕمێکی دیاریکراوی بێمانایە کە چێژ چڕتر دەکاتەوە. لەکاتێکدا دەکرێت سەمپتۆم لەڕێگەی لێکدانەوەوە چارەسەر بکرێت، بەڵام سینتۆمەکان شتانێکن پێویستە سوبێکت فێر ببێت بەتەواوی لەگەڵیان هاوشووناس بێت: ئەوان بنچینەی کێیەتیی سوبێکت پێک دێنن، گەر سینتۆمەکان ون ببن، سوبێکت خۆی پارچەپارچە دەبێت.

ترەمپ لەسەر هەقە وەک فرمانێک ئاماژە بە چێژوەرگرتن بکات: "چێژ وەربگرن!" کاتێک بەشێوەیەکی گەمژانە چێژ لە "Covfefe" وەردەگریت، ئەوا بۆ سەرووی زمان (یانیش تەنانەت ژێرەوەی زمان) لە مانایەک بۆ گفتوگۆکردن و ئاڵوگۆڕکردنی ناوەڕۆکی مەدلولەکانەوە دەڕۆیت بۆ ئەزموونکردنی دالەکان وەک چڕبوونەوە و فۆڕمی جێگیری ژویسێنس [ژویسانس لە مانادا]. کەواتە جێی سەرسوورمان نییە کە "چێژ وەربگرن!"ەکەی ترەمپ لە پەتیترین فۆڕمدا وەک فرمانێکی سوپەرئیگۆ کار دەکات. ئێمە بەگشتی وەک بریکارێکی ئەخلاقیی سادیست و بێبەزەیی لە سوپەرئیگۆ فرۆیدییەکە تێدەگەین کە هەمیشە بە داواکردنی مەحاڵ دەمانشەڵەژێنێت و دواتریش بە چێژەوە

[2] https://eu.usatoday.com/story/news/politics/onpolitics/2017/05/31/sean-spicer-says-covfefe-wasnt-typo-trump-knew-exactly-what-he-meant/102355728/.

[3] “Tweet from Donald Trump: “Who can figure out the true meaning of “covfefe” ??? Enjoy!””. *Twitter*. Archived from the original on December 15, 2020. Retrieved August 1, 2020.

ســـەیری ئێمە دەکات کاتێک شـــکســـت دێنین لە جێبەجێکردنی داواکانی. هەرچۆنێک بێت، لاکان پێشنیاری هاوسەنگییەک دەکات لەنێوان ژویسانس و سوپەرئیگۆ: ئەویش ئەوەیە کە چێژوەرگرتن لە شتێک تەنیا شوێنکەوتنێکی خۆبەخۆی ئارەزووەکانت نییە؛ بەڵکوو شتێکە کە ئێمە وەک ئەرکێکی ئەخلاقیی سەیر و شێوێنراو ئەنجامی دەدەین. ژویسانس هەر خۆی شتێکە کە مشەخۆری بەسەر چێژی مرۆڤدا پەیڕەو دەکات، بەجۆرێک دووچاری لادانی دەکات کە ســـوبێکت بتوانێت زێدەچێژ لە خودی ناخۆشی و ناچێژدا بەدەست بهێنێت.

بۆ ئەوەی لەم هاودژییە تێبگەین، پێویســـتە دوو جیاکاریی تر کە لەلایەن لاکانەوە ڕوون کراونەتەوە، بناسێنین: یەکەمیان جیاوازیی نێوان ناو-ی-باوک (باوک وەک فیگەری دەسـەڵاتی ڕەمزی، و وەک بریکار و نوێنەرەوەی یاساکان) و زێدەچێژی باوکی قێزەوەنە، کە وەک سوپەرئیگۆیەکی بریکار زیاتر چێژ دەسەپێنێت؛ دووەمیشیان جیاوازیی نێوان چێژی ئاسایی و زێدەچێژە، کە وەک فرۆید دەڵێت، ئەو چێژەی لەودیو پرەنسیپی چێژەوەیە. بەم شێوەیە، ئێمە بۆ پرسیارە کۆنە فرۆیدییەکە دەگەڕێینەوە: بۆچی چێژ لە نیگەرانی وەردەگرین؟ بە مانایەکی تر، هێز هەروا بەسـادەیی لەڕێگەی چەوسـانەوە (و چەپاندن) خۆی بەســەر ئێمەدا ناســەپێنێت، کە پشــتبەســتە بە ترسی سزادان، بەڵکوو لەڕێگەی پـاداشـــت کردنمـانەوەیە بە گوێڕایەڵی و ملکەچبوون. ئەوەشی لەم ئـاڵوگۆڕکردنەدا لە ئەنجـامی گوێڕایەڵی و نکۆڵییکردنمان بەدەستی دەهێنین چێژێکی لادەرە لە خودی ڕەتکردنەوەوە، چێژێک کە لە خودی لەدەســـتچوونەوە هـاتووە. لاکان بەم چێژە بەلاڕێـدا براوە دەڵێـت زێـدەچێژ (Surplus-Enjoyment). زێدەچێژ واتە دژیەکی شـــتێک کە هەمیشـــە (و تەنیا) زیادەیەکە پەیوەســـت بە خۆیەوە: لە بارە ئاســـاییەکەیدا، هیچ نییە [واتە تەنیا وەک شـــتێکی زیادە لەدوای یاخود لەودیو چێژەکەوە دێتە بوون]. ئەمە بەرەو چەمکی ئۆبێکتی بچووکی a لاکانمان دەبات وەک زێدەچێژ: لە بنەڕەتدا شـــتێک نییە بە ناوی "چێژی بنەڕەتی" تاکوو زێدەچێژی بخرێتە ســـەر، بەڵکوو چێژ خۆی هەمیشە زیادەیەکە لە سەررێژییدا.

ئۆبێکتی بچووکی a مێژوویەکی درێژی لە سـێمینارەکانی لاکاندا هەیە: ئەم چەمکە چەند دەیەیەک بەر لەوەی لاکان بەشـێوەیەکی ڕێبازمەند بە شـیکاری "کاڵا"ی ناو سـەرمایەی مارکسـەوە بیبەسـتێتەوە، بوونی هەبوو. بەڵام بێ شک ئەم ئاماژەدانە بە مارکس، بەتایبەت بە چەمکی زێدەبەها (Mehrwert) وای کرد لاکـان پەرە بەم چەمکە "جێکەوتبوو"ەی بـدات وەک زێـدەچێژ ( plus-de-jouir, Mehrlust): ئەو پاڵنەرە زاڵەی کە لە کۆی ئاماژەپێدانەکانی لاکان هەیە بۆ "کاڵا"ی مارکس بریتییە

له چوونیەکییەکی بونیادیی نێوان زێدەبەهای مارکس و ئەو چەمکەی کە لاکان ئاوهەڵکێشی ــ کرد و ناوی نا زێدەچێژ، ئەو دیاردەیەی فرۆید پێی دەگوت "بەدەســـتهێنانی چێژ"، کە هەروا بەســـادەیی مانای هەبوونی چێژی زیاتر نییە، بەڵکوو ئەو چێژە زیادەیەیە سوبێکت لە ساتی گرتنەبەری قەدبڕێکی دیـاریکراودا بۆ گەیشـــتن بە چێژ دەســـتی دەکەوێـت. شـــێوەیەکی تری بەدەســـتهێنـانی چێژ (Lustgewinn) هەڵگێڕانەوە یاخود ئەو ئاوەژووبوونەوەیەیە کە هیســـتریا تایبەتمەنـد دەکات: ڕەتکردنەوەی چێژ خۆی دەبێت بە چێژ ی/لە ڕەتکردنەوە، چەپاندنی ئارەزوو بۆ ئارەزووی چەپاندن ئاوەژوو دەبێتەوە، ئیتر بەم جۆرە. ئاوەژووبوونەوەیەکی لەم شێوەیە لە کرۆکی لۆژیکی سەرمایەدارییدا بوونی هەیە: وەک لاکان تێبینی کردبوو، سـەرمایەداریی مۆدێرن بە حسـابکردنی چێژ دەسـتی پێ کرد (دەسـتخسـتنی سـوود)، و ئەم حسـابکردنی چێژە دەسبەجێ بووە چێژی حسابکردن [چێژ وەرگرتن لە حساب خۆی].

ئێســـتا دەتوانین بەڕووونی ببینین چۆن زێدەچێژ بە ســـادیزم هاودژە: کاتێک ســـەرمایەدارێک لە حسـابکردنی چێژەوە بۆ چێژی حسـابکردن پێچ دەکاتەوە، لێرەدا ئەو چێژی ڕاسـتەوخۆ ڕەت دەکاتەوە (یان لانی کەم دەیخاتە پەراوێزەوە، وەک چێژی بەکارهێنانی ئۆبێکتە تایبەتەکان)، و لە شـــوێنی چێژە ڕاستەقینەکە، چێژێکی "ئەبستراکت" شوێنکەوت دەبێت کە چێژی مومکین حساب دەکات. کەواتە، زێدەچێژ وەک لاوازکردنێکی سـادیسـتی بۆ بەکەموەرگرتنی چێژی ڕاسـتەقینە کار دەکات. بەڵام ئەمە چۆنچۆنی پەیوەندی بە ترەمپەوە هەیە؟ دیوە سەمەرەکە لێرەوەیە: لە یەکێک لە دوا لێدوانەکانییدا، بەشـــێک هەیە کە دەقاودەق، و بە زمانە جەماوەرییەکە دژیەکیی نێوان ســـوپەرئیگۆ و زێدەچێژ دووبارە دەکاتەوە:

"وڵاتەکەمان دووبارە ســـەردەکەوێت. لە ڕاســـتیدا، ئێمە هێندە ســـەردەکەوین کە خۆمان نازانین ســـەبارەت بەمە چی بکەین. خەڵکی پێم دەڵێن، جەنابی ســـەرۆک، تکایە، تکایە، تکایە، ئێمە زۆر زۆر سـەرکەوتووین. چیتر بەرگەی ئەمە ناگرین. ئێمە لە وڵاتەکەماندا ڕانەهاتبووین سـەربکەوین تاکو ئەو کاتەی تۆ دەرکەوتیت. هەمیشـە دەدۆڕاین. بەڵام ئێسـتا زۆر سـەرکەوتووین. منیش دەڵێم، نا، نا ، نا، ئێوە دووبارە سـەردەکەونەوە. سـەرکەوتنێکی مەزن. ئێوە دەگەن بە سـەرکەوتنێک کە مەزنترە لە هەر سەرکەوتنێکی پێشوەخت."[4]

[4] https://youtube.com/shorts/MJMSJM-h6b4?si=ai6y8xMfnkDGpZPL

ڕەسڵ سبریلیا کە سەرنجمی بۆ وشەی "Covfefe" کێش کرد و لەمەڕ ئەم دێڕانە لەسەر هەق بوو کە بڵێت "ئەمە ســـادیزمی پەتییە. پەیامەکەی ئەوەیە: ‘ئەمەریکییەکان، هەوڵێکی تر بدەن!’ لە سەرکەوتنی زیادە شەرم مەکەن! دەبێت لەودیو پرەنسیپی چێژەوە چێژ لە ژانی سەرکەوتن وەربگرن! ئەو تەنانەت بەشـــێوەیەک ئەم دێڕانە دەردەبڕێت وەک ئەوەی یەکێک بێت لە باوکە سوپەرئیگۆییەکانی دەیڤد لینچ[5]. " خەڵکی وەک شتێکی بەردەوام و نەبڕاوە ڕەچاوی "سەرکەوتن"ەکە دەکەن، ئەم حزووره بەتین و بەردەوامەی زێدەچێژ شـــتێکی بەرگەنەگیراوە؛ خەڵکی تەنیا دەیانەوێت ژیانێکی ئاسـوودە بژین بە چێژێکی ئاسـاییەوە، بەڵام ترەمپ وەک ئەو باوکە سـوپەرئیگۆییە قێزەوەنە دەجووڵێتەوە کە خەڵکەکەی خۆی دەچەوسێنێتەوە، فشارێکی بەردەوام دەخاتە سەر سوبێکتەکانی بۆ ئەوەی چێژی زیاتر وەربگرن، تاکو هەرگیز نەحەسـێنەوە و هەرگیز ژیانێکی ئارام و جێگیریش قبووڵ نەکەن. ترەمپ لە گوتنی: "نا، نا، نا، ئێوە دووبارە ســـەردەکەون." بەتەواوی دەربڕی ڕەهەندە چەوسێنەر و نێگەتیڤەکەی زێدەچێژە. هەر لەبەر ئەوەشـە فەرمانی چێژ وەربگرن پەیوەسـتە بە "نا، نا، نا"یەک. برگە دووبارەبووەوەکەی ترەمپ بوارمان پێ دەدات ئەوە ببینین کە چۆنچۆنی دژیەکی سـوپەرئیگۆ تەنیا سـەبارەت بە تیۆرێکی تێروتەسـەل نییە: بگرە لەناو ئەزموونی ڕۆژانەشـماندا بوونی هەیە. کەواتە، چی ئەگەر هەنگاوێـک زێدەتر بڕۆین و بە بیرکردنەوە لە "ســـەرکەوتن" بە مانـا سەربازییەکەی دووبارە لێدوانەکەی ڕاڤە بکەینەوە؟

**"لە چەند هێرشـــێکی پێشـــگرانەمان بۆ ســـەر ئێران، وڵاتەکەمان دووبارە ســـەردەکەوێت. لە ڕاسـتیدا، ئێمە هێندە سـەردەکەوین کە خۆمان نازانین سـەبارەت بەمە چی بکەین. خەڵکی پێم دەڵێن، جەنـابی ســـەرۆک، تکـایە، تکـایە، تکـایە، ئێمە زۆر زۆر ســـەرکەوتووین. تکـایە لە بۆمببارانکردنی ئێران بوەستە! چیتر بەرگەی ئەمە ناگرین. بەڵام من پێیان دەڵێم، نا، نا، نا، ئێوە دووبارە ســـەردەکەونەوە، ئێوە دەگەن بە ســـەرکەوتنێک کە مەزنترە لە هەر ســـەرکەوتنێکی پێشوەخت."**

---

[5] لێکچوواندنی ترەمپ بە باوکێکی سوپەرئیگۆیی ناو فیلمەکانی دەیڤد لینچ بەو مەبەستەیە، کە ئەکتەرانی ناو فیلمەکانی ناوبراو بەتەواوی خاوەن دەسەڵاتێکی ناجێگیر و زیادەن. زۆربەی جاریش لەبری ڕێزگرتنی مەودا و ڕەچاوکردن، خۆتێهەڵقورتێنییەکی سنووربەدەر دژ بە سوبێکتەکانی تر ئەنجام دەدەن، وەک فرەنک بووس لە فیلمی قەدیفەی شین، یانیش لیلێند پاڵمەر لە توین پیکس. ترەمپ بە ڕەوانبێژیی و دووبارەکردنەوەکانی هەمان خۆپیاکردن جێبەجێ دەکات. زێدەچێژێک بەسەر سوبێکت دەسەپێنێت کە بەتەواوی بەرگەنەگیراوە.

بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ترەمپ وەک چۆن خۆی دەیڵێت لە مێژووی مرۆڤایەتییدا گەورەترین ئاشتیهێنەرە. هەروەک بەباشی ئاگادارین، تاکە ڕێگا بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتییەکی سەرتاسەری و ئەبەدی بە ئەنجامدانی جەنگێکی کۆتایی و مەزن دەکرێت کە کۆی دوژمنانی ئاشتی لەناو ببات. وەک ترەمپ جار لەدوای جار دووبارەی دەکاتەوە، کە ئەمەریکا لەگەڵ ئێران لە جەنگدا نییە؛ بەڵکوو بەیەکەوە لەگەڵ ئیسرائیل دەیانەوێت تەنیا خەڵکی ئێران ئازاد بکەن (بەهەمان ئەو بارەی کە ئیسرائیل غەززەی "ئازاد" کرد، و وێرانییەکانی تاران تا دێت زیاتر و زیاتر لە غەززە دەچێت...). بەم شێوەیە ترەمپ گوێڕایەڵی ئاغا ڕاستەقینەکەی دەبێت، نەتەنیاهوو، کە تەنانەت وەک ئاشتیهێنەرێکی مەزنتر دەبینرێت: ئێستاکە ئیسرائیل دووچاری جەنگێکی گشتگیر بووەتەوە و ئامانج لێی بەدیهێنانی ئاشتییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و لێرەدا مەبەست لەم ئاشتییە ئەوەیە کە ئیسرائیل دەیەوێت بەسەر کۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زاڵ بێت.

ئەی پێویستە لێرەدا چی بکەین؟ من هەمیشە بە لایەنگیری دژەسڕبەکان تۆمەتبار دەکرێم، بەڵام پێویستە دان بەوەدا بنێم کە ئەو گۆرانییە ناوچەییەی دڵخوازمە گۆرانییەکی سڕبییە سەبارەت بە کرالێڤیچ مارکۆ (شازادە مارکۆ، کە لەناو گۆرانی سەردەمانی ناوینی سڕبییەکان وەک قارەمانێکی مەزن ناوزەد کراوە) کاتێک چاوی بە یاوەر و ڕکەبەرەکەی لیۆتیتزا بۆگدان (بۆگدانی تووڕە)ی جەنگاوەر دەکەوێت. وەرگێڕانی دەقی چیرۆکی گۆرانییەکە هی خۆمە:

"شازادە مارکۆ و لیۆتیتزا بۆگدان، وەک خەڵکی دەیگێڕنەوە، لەو ڕۆژەدا یەکترییان بینی. دوو قارەمانە ڕووتاڵەکە بۆ ماوەیەکی درێژ سەرنجی یەکترییان دا - سەرەتا کێ دەست بە شەڕکردن دەکات؟ هەر یەکەیان چاوەڕێی ئەوی تر بوو. / ‘دەزانی چی هاورێ مارکۆ، باشتر وایە هەر یەک لە ئێمە بە ڕێگەی خۆیدا بڕوات - بڕواتە نێو ڕەز و کێڵگەکان. خۆ گەر شەڕی یەکدیمان بکردایە، جیهان هەڵدەلەرزی و دواجار کێ دەزانێ کاممان بەزیندوویی ڕزگاری دەبوو. ’ / مارکۆ کە بەپەرۆشەوە چاوەڕێی بیستنی ئەم وشانە بوو، ئەسپەورێ بەنێو کێڵگەکە تێیتەقاند. شازادە مارکۆ و لیۆتیتزا بۆگدان، وەک خەڵکی دەیگێڕنەوە، لەو ڕۆژەدا یەکترییان بینی."

بڕیارە سەیر و نەهەژێنەکەی دوو قارەمانەکە لە دەستبەرداربوونی شەڕ نابێت وەک نیشانەیەکی نهێنی بۆ ترسنۆکیی ژێر دەمامکە بوێرەکانیان ببینرێت، بەڵکوو لەبری ئەوە، تێڕوانینێکی تیژپەڕ نیشان دەدات کە ئەو ململانێیەی لەپێناو شکۆ و ڕێزی قارەمانانە ئەنجام دەدرێت، پووچێتییە. وەک ئەوەی لۆژیکە ژێرەوانکێیەکەیان بەم جۆرە بێت:

"دەبێت لەبەر چ شتێک ژیانمان بخەینە مەترسییەوە و ئەم ڕۆڵە گەمژانەییەی قارەمانەکان پەیڕەو بکەین کە کاتێک بەڕێککەوت چاویان بە یەکتری دەکەوێت، دەست دەکەن بە شەڕکردن؟ ناکرێت لە ساتێکدا وچان بدەین، لەم دەرگیربوونە ببینەوە و کەمێک چێژ لە ئاشتی وەربگرین؟" کردارێکی لەم شێوەیە یەکجار باشترە لە خەونگەلێکی مەزن بۆ بەدیهێنانی ئاشتی ئەبەدی، کە تەنیا جەنگی سەرتاسەری بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

**سەرچاوە:**

https://slavoj.substack.com/p/trump-as-a-reader-of-lacan-7b2?r=7vo7rj&utm_medium=ios&triedRedirect=true#footnote-anchor-5-192109532